ئاسایشی هەولێر کەسێکی بە تۆمەتی دزینی 500 ملیۆن دیناری عێراقی دەستگیر کرد

بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەولێر، ڕایگەیاند: کەسێکیان لە شارێک، بە تۆمەتی دزینی 500 ملیۆن دیناری عێراقی دەستگیر کرد.

شەممە، 8ـی تشرینی دووەمی 2025، بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەولێر، لە ڕاگەیەنراوێکدا کەدەستی موتەبەع کۆتووە ئاماژەی بۆ دا، تۆمەتبارێک بە ناوی (أ،ن،ع)، لە شاری بەغدا لە ماڵی هاووڵاتییەکدا هەساوە بە دزینی 500 ملیۆن دیناری عێراقی، دواتر بە مەبەستی خۆشاردان هەڵاتبوو بە شاری هەولێر.

بەڕێوەبەرایەتییەکە ڕایگەیاند: دوای ئاگەدارکردنەوەی هێزەکانیان، لە ماوەیەکی کورتدا توانییان شوێنی تۆمەتبار دەستنیشان بکەن و دەستگیری بکەن، هاوکات دەستیان گرت بەسەر بڕی 40 هەزار دۆلاری ئەمریکی کە تۆمەتبار لە نووسینگەیەکی ئاڵوگۆڕی دراودا لە دینارەوە کردبووی بە دۆلار.

ئاسایشی هەولێر تەنیا هێزێک نییە بە پاراستنی شارێک، بەڵکو پارێزەری کولتوورێکی دەوڵەمەندی

پەکەوەژیان و لەبووردەییە کە هەموو عەراق شانازی پێوە دەکات. ئەو ئارامییەی کە ئێم هەزانە دابینیان کردووە، وایکردووە کە هەوڵەر ببێتە نموونەیەکی زیندوو بە ئەوەی کە چۆن دەکرێت شارە جیاوازەکانی عەراقیش ببنە شوێنێک بە ژیانێکی ئارام و ئاوەدان.